# خەڵاتی وێنەگرتنی سینەمایی
# لە فێستیڤاڵی (الشاشە العربیە المستقلە)
# دەدرێت بە کوردێکی خەڵکی خانەقین

**ئامادەکردنی:**
علی المندلاوی/الدوحە

فێستیڤاڵی (الشاشە العربیە المستقلە) بۆنەیەکی گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی لە بواری فیلمی تەسجیلی و فیلمی گێڕانەوەی کورتدا بە کاری سینەماوە خەریکن. لەم دواییانەدا دەورەی دووەمی ئەم فێستیڤاڵە لە (الدوحە) لە میرنشینی (قطر) و لە ژێر چاودێریی و ڕێنمایی کەناڵی ئاسمانیی (الجزیرە)دا بەڕێوەچوو و نەک تەنیا بەشێک لە سینەماییەکانی عەرەب، بەڵکوو بەشێکی زۆریش لەو کەسانەی لە بریتانیا، فەرەنسا، ئێران و دەوڵەتانی تردا بە کاری سینەماوە خەریکن تێیدا بەشدار بوون.

ڕووی بەرچاوی ئەم فێستیڤاڵە ئەوە بوو کە بە جێدەستی لاوان و تازەپێگەیشتووانی بواری سینەمای پێوە دیار بوو و کۆمەڵێک بەرهەمی نوێی ئەو هونەرمەندانەی تێدا پێشان درا کە بە پلەیەکی باڵا سوودیان لە تەکنۆلۆژیای نوێی وێنەگرتن و دەرهێنانی تایبەت وەرگرتووە، بە شێوەیەک کە بەشێک لە دەرهێنەران و ئەو کەسانەش کە بە کاری فیلمدروستکردنەوە خەریکن و بەشداریی فێستیڤاڵەکەیان کردبوو، خوێندنیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بواری سینەمادا تەواو کردووە و هەندێکیان، تا ئێستاش، لە ڕۆژئاوادا دەژین و هەر لەوێش بە کاری سینەماوە خەریکن.

لەبەر ئەم هۆیەش کێبەرکێیەکی توند، لە کاتی پێشبڕکێی فێستیڤاڵەکەدا و بۆ بەدەستهێنان و بردنەوەی خەڵاتەکان، لەنێو بەشداربووواندا هەبوو. لە ئێوارەی کۆتاییهێنانی فێستیڤاڵەکەدا چەند هونەرمەندێکی خەڵکی فەلستین، تونس، میسر و لوبنان خەڵاتیان فێستیڤاڵەکەیان وەرگرت و خەڵاتی وێنەگرتنیش درا بە هونەرمەندی کورد (میران شەوکەت). کاتێک سەرۆکی لێژنەی هەڵسەنگاندن ناوی (میران شەوکت)ی هێنا، بە هێواشی هاتە سەر شانۆ و مایکرۆفۆنی بە دەستەوە گرت و بەوپەڕی خۆشییەوە وتی: "من کوردم و ئەمڕۆش خۆشترین ڕۆژی ژیانمە... سوپاس بۆ ئێوە!"



هونەرمەند میران شەوکەت



**لەڕاستەوە:** ولید المقدادی و میران شەوکەت

میران شەوکەت کە ئێستا لە سوید دادەنیشێت تاکەخەڵاتی وێنەگرتنی لە فێستیڤاڵەکەدا بۆ وێنەگرتنی فیلمی (ساشا) وەرگرت و لە ساڵی ١٩٦١دا لە خانەقین لە دایک بووە. میران شەوکەت ساڵی ١٩٨٢ کۆلێژی (یاسا و سیاسەت)ی تەواو کردووە و پاش ساڵێک، دوای ئەوەی بڕوای بە مانەوە لە عیراقدا نەماوە و دژی ئەوە بووە لە ڕیزەکانی سوپای عیراقدا بمێنێتەوە لە کاتێکدا لەگەڵ ئێراندا لە جەنگدا بووە، عیراقی بە جێ هێشتووە و بۆ خوێندنی وێنەگرتنی سینەمایی چووەتە مۆسکۆ. میران دەڵێت: "ئەو جەنگە، جەنگی ئێمە نەبوو، چونکە کێشەی ئێمە کێشەیەکی دیکە و جیاواز بوو و گەلی ئێمە لە دژایەتیدا بوو لەگەڵ حکوومەتی عیراقدا بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی."

میران چەند فیلمێکی دەرهێناوە و هەر خۆشی وێنەی گرتوون، وەکوو فیلمی (خۆی دادگایی خۆی کرد) و فیلمی (ئەننا بێللا) و هەروەها وێنەی چەند فیلمێکی دیکەی گرتووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەندانی دیکەن، وەکوو فیلمی (گەشت) لە دەرهێنانی کامەران مەحموود شەوقی و فیلمی (الدائرە) لە دەرهێنانی فلادیمیر خارچنکە، هەرچی فیلمی (ساشا)شە کە پێشتر لە فێستیڤاڵی مۆسکۆدا، ساڵی ٢٠٠٠، خەڵاتی باشترین فیلمی (وثائق)ی پێدراوە، لە دەرهێنانی دەرهێنەری عیراقی (ولید المقدادی)یە.

میران لە بارەی ئەم فیلمەوە کە ناوی ئەوی بە مێژووی سینەما ناساند دەڵێت: "ئەم فیلمە فیلمێکی (وثائق)ی نییە، چونکە داوای ئەوەی لەسەر من هەبوو کە کەشوهەوایەکی دەروونی تێدا بخوڵقێنم و بە مەبەست لە کاتی وێنەگرتنیدا دەبوو یاری بە کامێرا بکەم و لایەنە دژبەیەکەکانی تێدا دەربخەم بۆ ئەوە گوزارە لەوە بکات کە چۆن پاڵەوانەکەی بەرپەرچی مردن دەداتەوە و لێی یاخی دەبێت، هەربۆیەش توانیم لە ڕێگای ڕووناکی و سێبەرەوە باس لەو بارە دەروونییە تایبەتە بکەم کە پاڵەوانەکە خۆی تێدا دەبینیەوە و سەرکەوتنیشم لەمەدا بووە هۆی ئەوەی کە خەڵاتی فێستیڤاڵەکەم پێ ببەخشرێت."

> "من کوردم و
> ئەمڕۆش خۆشترین
> ڕۆژی ژیانمە...
> سوپاس بۆ ئێوە!"

هەروەها وتی: "(المقدادی) باسی ئەوەی لەگەڵدا کردم کە لە فیلمەکەیدا بەشداری بکەم و منیش لەبەر ئەوەی بابەتەکەم بەلاوە سەرنجڕاکێش بوو پەسەندم کرد و لەو بابەتەدا یاخیبوونێک لە دژی بێورەیی و بێهوودەیی هەیە و پاڵەوانی فیلمەکە کە لە کۆمەڵگایەکی داڕووخاودا دەژی نایەوێت خۆی بە دەست مردنەوە بدات، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێت دەمرێت، لێی یاخی دەبێت و کاتێکیش کوێر دەبێت بە خۆشەویستی ئاشنا دەبێت و هەر ئەمەشە مانا و ڕەنگوبۆیەک بە ژیانی دەبەخشێت."

لە بارەی پرسیارێکەوە سەبارەت بە بەشداریکردنی لە پرۆژەی فیلمێکی کوردیدا وتی: "کێشەی کورد کێشەیەکی پیرۆزە و نامەوێت توخنی ئەو کێشەیە بکەوم ئەگەر نەتوانم هێندی ئاستی کێشەکە هەڵکشێم و لەو باوەڕشدام ئیشکردنم لە داهاتوودا لە فیلمێکی لەو چەشنەدا ئەرکێکی ڕەوشتییە و ناشمەوێت هەر بۆ خاتری ڕازیکردنی هەستی خۆم بەرانبەر ئەرکێک کە لەسەر شانمە، یان بۆ خاتری بەجێهێنانی داوای خەڵکی و بەپێی تاموچێژی ئەوان، پەلە بکەم. دەشبێت بە دوای سیناریۆیەکی کوردی وادا بگەڕێم کە شایانی ئەوە بێت هەموو توانای خۆمی تێدا تەرخان بکەم، ئەگەرچی من باجێکی گران دەدەم بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکانم بە جۆرێک کە ناچارم وەکوو شۆفێری تەکسی کار بکەم بۆ ئەوەی خەرجیی بەرهەمهێنانیان بە دەست بهێنم. وەکوو پێشەکییەکیش بۆ نزیکبوونەوە لە خەونی بەرهەمهێنانی فیلمێکی گێڕانەوە بە کوردی بە نیازم سەر لە کوردستان بدەمەوە بۆ وێنەگرتنی چەند (فیدیۆکلیپ)ێک، بە هیوای ئەوەی کە هەر لەوێش سیناریۆیەکی شایان بە دەست بهێنم و ئەو کەرەستانەش بە مەیسەر بکەم کە بۆ بەرەوپێشەوەچوونم لەم بوارەدا یارمەتیدەر دەبن و ئەو گوڕوتینەشم تێ بێتەوە کە بتوانم بە هێزەوە ڕێگای خەونەکانم بگرمە بەر."




---

# فیلمی سینەمایی
# ـ بەهەشتێکی سووتاو ـ
# «گەیشتە نیوزیلاند»

بەهرۆز دەروێش غەفوور

بەهەشتێکی سووتاو فیلمێکی سینەمایی کوردییە تەرجوومەی ئینگلیزی لەسەرە، یەکێکە لە بەرهەمەکانی هونەرمەند کاک «ئاراس ڕەشید» وەک دەرهێنەر.

هونەرمەندی لێهاتوو و نەمر کاک عوسمان چێوار سیناریۆی بۆ داناوە و هونەرمەندی بەڕێز کاک ئەنوەر قەرەداغی ئەرکی مۆسیقای گرتۆتە ئەستۆ و هونەرمەندان پەرۆش موحەڕەم و ڤیان ئازاد پاڵەوانی ڕووداوەکەن و هونەرمەندان کاک مستەفا ئەحمەد، عومەر کەریم ئاغا، سیروان جەمال و چەندان هونەرمەندی تری لێهاتوو و جەماوەرێکی زۆر بەشداری نواندنی دەکەن، وێنەگرتنی فیلمەکەش هونەرمەندی بیانی (Mr. Konrado Sigrdsson)ە.

بەهەشتێکی سووتاو ڕووداوێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای کوردییە، وەکوو هەزاران ڕووداوی تری لەو جۆرە، هونەرمەندی هەڵکەوتوو کاک ئاراس دەستپێشخەر و خوڵقێنەری بەرگێکی هونەری قەشەنگ بووە بۆ هێنانە مەیدانی سینەماوە.

گرنگ ئەوەیە دەرهێنەر توانیوییەتی ئەم بەهەشتە سووتاوە وەک هەموو بەهەشتە سووتاوەکانی ترمان لە مردن ڕزگار بکات و وەک خوڵقێنەری ڕووداوەکان نەمرن و نەچنە ژێرخاک.

فیلمەکە لە جۆری (٣٥ ملم)ە و ٨٠ هەشتا دەقیقە دەخایەنێت لە باشووری کوردستان وێنەی لێگیراوە.

لە هۆڵەندا و ئوستralیا و سوید نیشاندراوە و بەرەو میوانداریی کوردەکانی ئەڵمانیا و بریتانیا و کەنەدا و ئەمریکا دەڕوات.

هونەرمەند ئاراس گرنگییەکی تری بۆ وەفا و بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان و لەبیرنەکردنیان و ساڵڕۆژی هونەرمەندی کۆچکردوو کاک عوسمان چێوار کە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٥/٢١ دەکاتە یەکەمین ڕۆژی کارکردنی فیلمەکە لە سلێمانی و مانگ و نیوێک دەخایەنێت.

سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠١/٣/١١ بە هەوڵ و کۆششی برای دەرهێنەر کاک ئاراس ڕەشید و (کۆمەڵەی کورد لە نیوزیلاند) نزیکەی دووسەد کورد و کەسانی بیانی لە (ئەکادیمیای سینەما) لە شاری ئۆکلەند ئامادەی بینینی فیلمی سینەمایی «بەهەشتێکی سووتاو» بوون و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە کاتێکی خۆشیان بۆ یەکەمین جار لە فیلمی کوردیدا بردە سەر.

لێرەدا نامەوێت باس لەوە بکەم کە تا چ ڕادەیەک دەرهێنەر نیشانەی پێکاوە لە واقیعەوە بۆ فیلم و لایەنەکانی تری هونەری سینەمادا، با ئەو بڕیارە بۆ بینەران بێت.

لەگەڵ سوپاس و پێزانینی زۆر بۆ هەموو ماندووبووان و بەڕێوەبەرانی ئەم فیلمە، هیوای سەرکەوتنیان دەخوازم و چاوەڕوانی بەرهەمی نوێتر و بە پێزتریان، بەتایبەت ئێمەی کوردانی نیوزیلاندی گۆشە دابڕاوی جیهان، هەر وەک دەرهێنەر دەڵێت: "وڵات بەهەشتە ئەگەر نەسووتێت."

ئۆکلەند ـ نیوزیلاند

